# زۆیا:
# هونەر پەیامێکی پیرۆزە

**زۆیا دەنگێکی نوێی بواری گۆرانی کوردییە، لە کاتێکدا دەرکەوتووە کە گۆڕەپانی هونەری کوردی ژمارەیەکی زۆر هونەرمەندی بەتوانا هەن، بەڵام ئەو توانیویەتی شوێنی خۆی بکاتەوە و چەندین بەرهەمی بەپێزی پێشکەش کردووە. گۆرانی (چاڤێ تە) یەکێکە لە بەرهەمە نایابەکانی کە تێیدا سەلماندی خاوەن دەنگێکی کوردی رەسەنە، ئەم گۆرانییە بووە هۆی ئەوەی شوێنی خۆی لە دڵی جەماوەردا بکاتەوە، زۆیا خەڵکی شاری قامشلۆیە، ماڵپەڕی (گەمیا کوردا) دیمانەیەکی لەگەڵ (زۆیا) سازکردبوو لێرەدا پوختەکەی بڵاودەکەینەوە.**



هونەری کوردی خەریکە لەگەڵ ڕێڕەوی پێشکەوتنی سەردەم پێش دەکەوێت

*** حەز دەکەین زیاتر بتناسین؟**

– من مرۆڤێکی ئاساییم، زۆر هەستیارم و زووش دەگریم، رق و کینەم بەرامبەر بە کەس نییە و حەزیش ناکەم کەس رقی لێم بێ، هەر لە منداڵیشەوە بەهرەی گۆرانی گوتنم هەبوو.

*** سەرەتا چۆن رووت لە بواری هونەری کرد؟**

– سەرەتا لە تەمەنی ١٠ ساڵییەوە دەستم بە کاری هونەری کرد و، لە رۆژی چوونە نێو قەفەسی زێڕینەوە یەکەم گۆرانی خۆم پێشکەش کرد.

*** لە هونەرمەندەکان کێ کاری تێکردووی؟**

– زۆرن بەتایبەتی بەیتۆجان، محەمەد عەلی شاکر، محەمەد شێخۆ، مەرزیە فەریقی.

*** ئەی لە هونەرمەندە لاوەکان؟**

– دەنگی هونەرمەند عەبدولقەهار زاخۆیی لەلای من یەکێکە لە دەنگە هەرە ناسک و خۆشەکان.

*** ئەم ساڵ لە دوبەی ئاهەنگێکت سازکرد، هەستت چۆن بوو؟**

– یەکێک لە ئاواتە گەورەکانم ئەوەبوو کە ئاهەنگێکی تایبەت بە نەتەوەی کورد ساز بکەم، ئەم ساڵ لەلایەن جالییەی کوردی لە دوبەی ئەو دەرفەتەم بۆ رەخسا بە بەشداری چەندین هونەرمەندی ناودار وەک نەجمەی غولامی و عەلی ئاشتی ئاهەنگی نەورۆزی ئەم ساڵ بۆ رۆڵەکانی نەتەوەکەم لە دوبەی ساز بکەم و بە جەماوەری خۆم شادبم و لە نزیکەوە بیانناسم و، چاوەڕێی ئەو پێشوازییە گەرمەم نەدەکرد لەلایەن رۆڵەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان.

*** ئەم ئاهەنگانە چ سوودێکیان بۆ هونەرمەند هەیە؟**

– بۆ من ئەم جۆرە ئاهەنگانە لە وڵاتێکی وەک ئیمارات هاوکارییەکی زۆرە بۆ هونەرمەند، چونکە کوردی گشت پارچەکانی لێ دەژین، هونەرمەند زیاتر لای جەماوەر ئاشنا دەبێت.

*** ئێستای هونەری کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

– کەس ناتوانێت بڵێت ١٠٠٪ لە ئاستێکی باش یان خراپدایە، چونکە ئەمە لە هونەرمەندێکەوە بۆ هونەرمەندێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هونەری کوردی خەریکە لەگەڵ رێڕەوی پێشکەوتنی سەردەم پێش دەکەوێت.

*** پرۆژەی نوێت چییە؟**

– ئێستا خۆم بۆ بەرهەمێکی نوێ ئامادە دەکەم هیوادارم لە بەرهەمی یەکەمم باشتر بێت.

*** با کەمێک لە هونەر دوور بکەوینەوە و باس لە چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتیت بکەین؟**

– من بەر لە چەند ساڵێک لەگەڵ هونەرمەندێکی موزیکژەن ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە و کوڕێکمان هەیە بەناوی ئەیاز.

*** ئارەزووەکانت چین؟**

– گۆرانی گوتن و یاری سەبەتە.

*** چۆن لە ژیان دەڕوانی؟**

– ژیانی راستەقینە لای من ئەوەیە مرۆڤ بە گشت ئاواتەکانی بگات.

*** ئەمانە بۆ تۆ چی دەگەیەنن؟**

**هونەر** – پەیامێکی پیرۆزە بە نەوەکانی داهاتووی دەگەیەنم، هەروەک چۆن باپیرانمان لە فۆلکلۆری دەوڵەمەندەوە بە ئێمەیان گەیاند.

**خۆشەویستی** – هێز و توانایە

**هاوڕێیەتی** – پیرۆزترین بەهای مرۆڤە

**کوردستان** – ئامانجە

**محەمەد شێخۆ** – زانای هونەری کوردییە

*** لە کۆتاییدا چی دەڵێی؟**

– نەتەوەی کوردی نەتەوەیەکی دێرینە و لە رووی توانا و وشیارییەوە هیچی لە نەتەوەکانی دیکە کەمتر نییە، بەڵکو زۆر لەوان پێشکەوتووترە لە زۆر لایەنەوە، هیوادارم بتوانم لە رێگای هونەرەوە خزمەتێک پێشکەش بە نەتەوەکەم بکەم.